مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

دور رياض الأطفال في رفع مستوى وعي الأطفال ببعض مفاهيم الثقافة الصحية من وجهة نظر معلمات رياض الأطفال

م.م. سهناريا عبدالرحمن صديق
قسم رياض الأطفال – كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين – أربيل، كردستان، العراق
sanaria.sedeeq@su.edu.krd

الكلمات المفتاحية: الأطفال، رياض الأطفال، معلمات رياض الأطفال، الثقافة الصحية.

كيفية اقتباس البحث

صديق

سهناريا عبدالرحمن , دور رياض الأطفال في رفع مستوى وعي الأطفال ببعض مفاهيم الثقافة الصحية من وجهة نظر معلمات رياض الأطفال,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦ , المجلد:١٦ ,العدد:١٠ .

هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر (Creative Commons Attribution) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.

Registered مسجلة في
ROAD

Indexed مفهرسة في
IASJ

"دور رياض الأطفال في رفع مستوى وعي الأطفال ببعض مفاهيم الثقافة الصحية من وجهة نظر معلمات رياض الأطفال"

The Role of Kindergartens in Raising Children's Awareness of Some Health Culture Concepts from the Perspective of Kindergarten Teachers

Assistant Lecturer :Sanaria Abdulrahman Siddiq
Department of Kindergarten – College of Basic Education, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan, Iraq
sanaria.sedeeq@su.edu.krd

Keywords : Children, kindergarten, kindergarten teachers, health culture.

How To Cite This Article
Siddiq , Sanaria Abdulrahman The Role of Kindergartens in Raising Children's Awareness of Some Health Culture Concepts from the Perspective of Kindergarten Teachers,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

ملخص البحث

يهدف هذا البحث إلى دراسة "**دور رياض الأطفال في رفع مستوى وعي الأطفال ببعض مفاهيم الثقافة الصحية من وجهة نظر معلمات رياض الأطفال**" للعام الدراسي (٢٠٢٥–٢٠٢٦). تكونت عينة الدراسة من (١٠٠) معلمة من معلمات رياض الأطفال، موزعات جغرافيًا في مركز محافظة أربيل. واعتمدت الباحثة المنهج الوصفي لتحقيق أهداف البحث، كما استخدمت مقياسًا لقياس مستوى الوعي بمفاهيم الثقافة الصحية، وتكوّن المقياس من (٥) مفاهيم رئيسة، بواقع (١٠) فقرات لكل مفهوم، وهي: **النظافة الشخصية، والتغذية الصحية، والوقاية من الحوادث والطوارئ، والصحة البيئية، والأمراض والوقاية منها** .وبعد جمع البيانات وتحليلها باستخدام برنامج (SPSS) ، توصل البحث إلى الاستنتاج الآتي:

تؤدي رياض الأطفال دورًا مهمًا في رفع مستوى وعي الأطفال بمفاهيم الثقافة الصحية، إذ أظهرت النتائج أن مستوى الوعي بالمفاهيم الصحية الخمسة، المتمثلة في **النظافة الشخصية، والتغذية الصحية، والوقاية من الحوادث والطوارئ، والصحة البيئية، والأمراض والوقاية منها**، كان ذا دلالة معنوية.

تُعد مرحلة رياض الأطفال مرحلة تعليمية بالغة الأهمية؛ إذ تؤدي دوراً جوهرياً في تعزيز نمو قدرات الطفل العقلية، والجسدية، والاجتماعية، والسلوكية. يحتاج الأطفال في هذه المرحلة إلى رعاية صحية وعقلية، كما يتطلب الأمر توفير بيئة ملائمة، وبرامج وأنشطة تهدف إلى تنمية الذكاء، ودعم العوامل التي تسهم في التعلم على المدى الطويل، وتساعد الطفل على التكيف مع الآخرين ومع المجتمع، سواء داخل الروضة أو خارجها.

وفي الوقت الراهن، يواجه عدد كبير من الأطفال خطر الإصابة بأمراض مختلفة خلال مرحلة الطفولة؛ وذلك نتيجة لاتباع عادات غير صحية وانتشار ثقافة غذائية خاطئة في العديد من الأسر.

Abstarct

This research aims to study "The Role of Kindergartens in Raising Children's Awareness of Some Health Culture Concepts from the Perspective of Kindergarten Teachers" during the 2025–2026 academic year. The study sample consisted of (100) kindergarten teachers geographically distributed in the Erbil Governorate. The researcher adopted a descriptive approach to achieve the research objectives and used a scale to measure the level of awareness of health culture concepts. The scale consisted of five main concepts, with ten items for each concept: (personal hygiene, healthy nutrition, accident and emergency prevention, environmental health, and diseases and their prevention). After collecting and analyzing the data using the Statistical Package for the Social Sciences (SPSS) programe, the research concluded that:

the data using the Statistical Package for the Social Sciences (SPSS)

Kindergartens play an important role in raising children's awareness of health culture concepts. The results showed that the level of awareness of the five health concepts—personal hygiene, healthy nutrition, accident and emergency prevention, environmental health, and diseases and their prevention—was statistically significant.

Kindergarten is considered a very important learning stage in that it plays an important role in increasing the development of children's mental, physical, social, behavioral and behavioral abilities. Children in kindergarten need health and mental care. It also requires an appropriate environment, programs and activities that work on intelligence and development, the effects of long-term factors that contribute to learning, and adaptation to others and the community inside and outside the kindergarten

Nowadays, a significant number of children are at risk of getting sick in childhood due to unhealthy habits and the wrong food culture that is prevalent in many families Children with various diseases

Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە هۆشیارکردنەوەی منداڵان بۆ هەندێ لە چەمکەکانی ڕۆشنبیری تەندروستی لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچە

م.ی. سەناریا عبدالرحمن صديق
بەشی باخچەی منداڵان – کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کوردستان، عێراق
sanaria.sedeeq@su.edu.krd

پوختەی توێژینەوە
ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە " ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە هۆشیار کردنەوەی منداڵان بۆ هەندێ لە چەمکەکانی ڕۆشنبیری تەندروستی لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچە" بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥-٢٠٢٦)، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە مامۆستایانی باخچەی منداڵانی حوکمی ژمارەیان (٥١٧) مامۆستایە. هەروەها نموونەی توێژینەوەکە پێک هاتووە لە (١٠٠) مامۆستا لە باخچەکانی منداڵان بە گوێرەی هەڵکەوتەی جوگرافی لە ناوەندی پارێزگای هەولێر، توێژەر ڕێبازی وەسفی بەکارهێناوە بۆ پێوانەکردنی چەمکەکانی ڕۆشەنبیری تەندروستی ، بەشێوەیەک پێوەرەکە پێکهاتبوو لە (٥) تەوەر و هەرتەوەرێك (١٠) برگەی لەخۆگرتبوو کە بریتین لە (پاک و خاوێنی کەسی، خۆراکی تەندروستی، خۆ پاراستن لە ڕوداو و فریاگوزاری، تەندروستی ژیگەیی ،نەخۆشیەکان و خۆ پاراستن لێیان) ،دوای کۆکردنەوەی داتا بە مەبەستی شیکردنەوەیان لە ڕێگەی بەرنامەی (SPSS) توێژینەوەکە کۆتای هات بەم دەرئەنجامەی خوارەوە :
باخچەی منداڵان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە هۆشیارکردنەوەی منداڵان بۆ چەمکەکانی ڕۆشەنبیری تەندروستی، واتا هەموو تەوەرەکانی (پاک و خاوێنی کەسی، خۆراکی تەندروستی، خۆ پاراستن لە ڕوداو و فریاگوزاری، تەندروستی ژیگەیی، نەخۆشیەکان و خۆ پاراستن لێیان) واتادارن.

کلیلە ووشە: منداڵ، باخچەی منداڵان، مامۆستا، ڕۆشنبیری تەندروستی.

بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوە:

١-١ کێشەی توێژینەوە

باخچەی منداڵان بە قۆناغێکی فێربوونی زۆر گرنک دەژمێردرێت بە شێوەیەک کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە زیادکردنی گەشەی تواناکانی منداڵ لەلایەنی ئەقڵی و جەستەی و کۆمەڵایەتی و هەڵچوون و ئاکاری. منداڵ لە قۆناغەکانی باخچەی منداڵان پێویستی بە چاودێری تەندروستی و دەروونی هەیە. هەروەها پێویستی بەوە هەیە کە ژینگەیەکی گونجاوی بۆ ئامادەبکرێت و، کار بکرێت لەسەر ئەو پرۆگرام و چالاکیانەی کە کار دەکاتە سەر زیرەکی و گەشەکردنی ئەو کاریگەریانەی کە لە هۆکارەکانی بۆ ماوەوە دروست دەبن و دەبنە یارمەتی دەرێک بۆ فێربوون، هەروەها گونجاندن لەگەڵ کەسەکانی دەوروبەر و کۆمەڵگا لە ناوەوە و دەرەوەی باخچەدا(السعود،٢٠١٠، لا١١).

لە سەردەمی ئێستادا، ڕێژەیەکی بەرچاوی منداڵان لە تەمەنی منداڵییدا ڕووبەڕووی مەترسی تووشبوون بە نەخۆشی دەبنەوە بەهۆی خووە نا تەندروستەکان و ئەو کولتوورە خۆراکییە هەڵەیەی کە لە زۆرێک لە خێزانەکاندا بەربڵاوە" جگە لە ڕەفتارە نا تەندروستەکانی وەک کەمی پاکوخاوێنی کەسی، نا تەندروستی ژینگەی ، خۆراکی نا تەندروست، دانانی پاشماوە لە شوێنی تر جگە لە شوێنە دیاریکراوەکانی، هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ تووشبوونی منداڵان بە نەخۆشیە جۆراوجۆرەکان (Marotz, 2015, p 45).

چەمکی ڕۆشنبیری تەندروستی پێکدێت لە کۆمەڵێک زانیاری و توانا و هەڵسوکەوت کە تاک پێویستی پێیانە بۆ بڕیاردانی دروست لەبارەی تەندروستی خۆیەوە و پاراستنی جەستەیی و دەروونی. ئەم چەمکە تەنها زانیاری پزیشکی ناگرێتەوە، بەڵکو تێگەیشتن لە شێوازی ژیانی تەندروست، خۆراکی هاوسەنگ،

چالاکی جەستەیی، پاکێژەیی کەسی، و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکانیش لەخۆدەگرێت.(الحريري، ٢٠١٨،لا٨٥).

کەسانی خاوەن ڕۆشنبیری تەندروستی دەتوانن زانیاریە تەندروستییەکان وەربگرن و هەڵیبسەنگێنن، و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریبهێنن، ئاستی نزمی ئەم ڕۆشنبیرییە دەبێتە هۆی زیادبوونی نەخۆشییەکان و کەمبوونەوەی کوالێتی ژیان، بۆیە پەروەردەی ڕۆشنبیری تەندروستی لە تەمەنێکی زوودا سەرمایەگوزارییەکی بەنرخە کە کاریگەری درێژخایەنی لەسەر تەندروستی تاک و کۆمەڵگا دەبێت و یارمەتیدەرە لە بنیاتنانی نەوەیەکی هۆشیار (السيد،٢٠٢٠، لا٩٧).

هەر لەم چوارچێوەیەدا، توێژینەوەکان جەختیان لەسەر پێویستی پاڵپشتی گەورەکان کردووەتەوە بۆ پەرەپێدانی زانیاری و لێهاتوویی منداڵان لە بواری تەندروستیدا، لە ڕێگەی دارشتنی بەرنامە کاریگەرەکانەوە بۆ خێراکردنی سەرکەوتنی منداڵان لە فێربوونی خووە تەندروستەکان. هەروەها گرنگیدان بە فێرکردنی منداڵان بە شێوازە تەندروستەکانی ژیان لە ڕێگەی لاساییکردنەوەی ڕەفتارەکانی گەورەکانەوە، لەگەڵ هاندانی هاوکاری لەلایەن دایک و باوکان، باخچەی منداڵان و پسپۆڕانی تەندروستی بۆ چاودێریکردنی منداڵان لە قۆناغە سەرەتاییەکانیاندا (Robertson, 2016, p112).

چاودێریکردن و هۆشیاری تەندروستی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیاندا دەتوانێت هەوڵ و سەرچاوە داراییەکانی دەوڵەت لە دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و چارەسەرکردنی منداڵانی نەخۆش کەمبکاتەوە و لە هەمان کاتدا ژینگەیەکی پەروەردەیی تەندروست لەناو دامەزراوە پەروەردەیەکان بە گشتی و باخچەی منداڵان بە تایبەتی دروست بکات کە منداڵان فێری ڕەفتارە تەندروستە ئەرێنییەکان بکات (عبد الهادي، ١٠١٦ ، لا ٤٦).

هەربۆیە لێرەدا ئەم توێژینەوەیە گەڕان و بەدواداچوونە تایبەت بە وەرگرتنی بۆچوونی مامۆستایان لە قۆناغی باخچەی منداڵان سەبارەت بە ڕۆڵی باخچە لە هۆشیارکردنەوەی منداڵان بۆ چەمکەکانی ڕۆشنبیری تەندروستی، کە ئایا باخچەی منداڵان ئەم ڕۆڵە دەبینێت یاخود نا؟

١-٢ گرنگی توێژینەوە

بواری منداڵان گرنگییەکی زۆری پێدراوە لە دەروونزانی لەبەر ئەوەی قۆناغێکی زۆر بنەڕەتییە لە تەمەندا کە تێیدا هەندێک لایەنی بنەڕەتی لە کەسایەتی تاک دروست دەبێت و لە گەڵیشی بەردەوام دەبێت تا داهاتوو، (فرۆید) ئاماژە بەو قۆناغە گرنگە دەکات کە تێیدا کەسایەتی منداڵ دیاریدەکات وە کاریگەریەکانی داهاتوو لەسەر کەسایەتی ئەگەر بێتو ئەرێنی بێت یان نەرێنی ، بۆیە پێویستە گرنگییەکی زۆر بدرێت بەو قۆناغە تاکو منداڵ بگاتە ڕێکەوتنێکی سەلامەت وە دروست بوونی کەسایەتیەکی بەهێز لەو کاتەی دەگات بە تەمەنی گەنجی (بنی يونس، ٢٠٠٥، لا٢٤).

قۆناغی منداڵی یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ، لەم قۆناغەدا مێشکی منداڵ بە خێرایی گەشە دەکات و توانای فێربوون لە بەرزترین ئاستدایە. منداڵان لەم قۆناغەدا دەست دەکەن بە دروستکردنی نەریتە تەندروستییەکان و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانیان کە بنەمای ژیانێکی تەندروست پێک دەهێنن. منداڵان لەم تەمەنەدا زۆر کراوەن بۆ کاریگەری دەوروبەر و ئامادەن بۆ فێربوونی چەمکە نوێیەکان. بۆیە سەرمایەگوزاری لە پەروەردە و تەندروستی منداڵان لەم قۆناغەدا دەبێتە بناغەیەکی بەهێز بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگا (Berk, 2013, p 57).

تەندروستی گەوهەرێکی بەنرخە کە بنەمای ژیانێکی باش پێک دەهێنێت. تەندروستی دۆخێکی تەواوی لاسایی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییە. کاتێک مرۆڤ تەندروستە، دەتوانێت بە تەواوی لە کار و خوێندن بەژداری بکات و ئامانجەکانی بەدیبهێنێت (الزغول، ٢٠١٢، لا، ٧٨).

ڕۆشنبیری تەندروستی بنەمایەکی سەرەکییە بۆ ژیانێکی تەندروست، چونکە تاکەکان لە ڕێگەی زانیاری دروستەوە دەتوانن بڕیاری باشتر بدەن دەربارەی تەندروستی خۆیان. کاتێک خەڵکی هۆشیاری

Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

تەندروستیان هەیە، ئاگاداری نەخۆشیەکان دەبن و دەزانن چۆن خۆیان بپارێزن لە نەخۆشیە بڵاوبووەکان.

ڕۆشنبیری تەندروستی هاندەرە بۆ ژیانێکی تەندروست لە ڕێگای وەرزشکردن و خواردنی سەلامەت، هەروەها یارمەتی تاك دەدات لە زووتر دەستنیشانکردنی نیشانەکانی نەخۆشی. لە ئاستی کۆمەڵگادا، بەرزبوونەوەی ڕۆشنبیری تەندروستی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی باری نەخۆشیەکان و کەمکردنەوەی تێچووی چارەسەر، هەروەها یارمەتیدەرە لە بەرەنگاربوونەوەی زانیاری هەڵە کە زیان بە تەندروستی دەگەیەنن (Santrock, 2014, p 23).

١-٣ ئامانجەکانی توێژینەوە

١. زانینی ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە هۆشیار کردنەوە منداڵان بۆ پاکو خاوێنی کەسی.
٢. زانینی ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە هۆشیار کردنەوەی منداڵان بۆ خۆراکی تەندروست.
٣. زانینی ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە هۆشیار کردنەوەی منداڵان لە ڕووی خۆ پاراستن لە ڕوداو و فریاگوزاریدا.
٤. زانینی ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە هۆشیار کردنەوەی منداڵان بۆ تەندروستی ژینگەیی.
٥. زانینی ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە هۆشیار کردنەوەی منداڵان لە ڕووی نەخۆشیەکان و خۆ پاراستن لێیان.

١-٤ سنوری توێژینەوە

١. سنوری مرۆیی :- مامۆستایانی باخچەی منداڵانی حکومی.
٢. سنوری کاتی :- ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥ – ٢٠٢٦).
٣. سنوری بابەتی :- ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە هۆشیاریکردنەوەی منداڵان بۆ هەندێ لە چەمکەکانی ڕۆشەنبیری تەندروستی لە ڕوانگەی مامۆستایان.

١-٥ ناساندنی چەمکەکان

١. منداڵ :

منداڵ کەسێکە لە تەمەنی لەدایکبوونەوە تا تەمەنی نزیکەی (١٨ ساڵی) یە، کە پێویستی بە چاودێری و بەخێوکردن و پەروەردەی گەورەکان هەیە. منداڵ بە خێرایی گەشە دەکات لە ڕووی جەستەیی، دەروونی و عەقڵییەوەز هەروەها فێربوون و یاریکردن بەشی گرنگی ژیانی ئەون (بدر، ٢٠٠٠، لا ١٧).

٢. باخچەی منداڵان:

باخچەی منداڵان بۆ منداڵانی بچووک دارێژراوە کە بە شێوەیەکی گشتی تەمەنیان لە نێوان چوار بۆ شەش ساڵدایە. زاراوەی "باخچەی منداڵان" لە زمانی ئەڵمانییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە "کیندەر" بە واتای منداڵ و "گاردن" بە واتای باخچە دێت. ئەم چەمکە پەروەردەییە لەلایەن فریدریش فرۆبێل لە سەدەی نۆزدەهەمدا پەرەی پێدراوە، کە تیایدا سەرنجی لەسەر پەروەردەی سەرەتایی منداڵی بووە لە ڕێگەی وانە داهێنەرانە و کارلێککارەکانیەوە بۆ پەرەپێدانی زیرەکی لە منداڵانی بچووکدا (محمد،٢٠١٦ ،لا ٣١).

پێناسەی (وەزارەتی پەروەردە،١٩٩٤): باخچەی منداڵان بە قۆناغی پێش قوتابخانەی سەرەتایی دادەنرێت کە تێیدا ئەو منداڵانە وەردەگیرێن کە تەمەنی چوار ساڵیان تەواوکردوە یان ئەوەی لە کۆتایی ساڵی میلادی چوار ساڵی تەواو دەکات وە نابێ تەمەنیان لە شەش ساڵ زیاتر بێت، ئەویش دابەش دەکرێت بۆ دوو قۆناغ قۆناغی باخچەی منداڵان و قۆناغی ئامادەکردن، وە تێیدا ئامانجیان ئەوەیە کە منداڵان گەشەیەکی سەلامەت بکەن و کەسایەتیان پەرە بسێنێت لە لایەنی جەستەیی و ئەقڵی و وە هەروەها لایەنی ویژدانی و ئەخلاقی، بە گوێرەی پێویستیەکانیان و تایبەتمەندیە کۆمەڵگایەکانیان تاکو ببێتە بنەڕەتێکی باش بۆ چالاککردنیان ، چالاکردنێکی دروست و هەروەها پەیوەندیکردنیان بە قۆناغی فێرکردنی سەرەتایی (هيئة رعاية الطفولة، ١٩٨٩ ، لا ٤).

٣. ڕۆشنبیری تەندروستی :

- ڕۆشنبیری تەندروستی ئەو زانیاری و لێهاتوویی و ڕەفتارانەیە کە منداڵ دەیانزانێت و پەیڕەویان دەکات بۆ پاراستنی تەندروستی جەستەیی و دەروونی خۆی. هەروەها بریتییە لە تێگەیشتن لە گرنگی خواردنی تەندروست، پاکێژەیی کەسی، ، خەو، پاراستنی ژینگە و خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لە مەترسییەکان (أبو شقير،٢٠٠٦؛ لا ١٥).

بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوە

٢-١هۆشیاری و ڕۆشنبیری تەندروستی

هۆشیاری و ڕۆشنبیری تەندروستی بەو مانایەیە کە کەسێک زانیاری و تێگەیشتنی باشی هەبێت لەبارەی تەندروستی خۆی و چۆنیەتی خۆپاراستن لە نەخۆشی و کێشە تەندروستیەکان. کەسی هۆشیار لە کۆمەڵگادا لە ڕووی تەندروستییەوە شارەزا و وریایە دەربارەی ئەوەی چۆن بڕیاری دروست بدات لەبارەی خواردن، خەوتن، جووڵە، و چارەسەری نەخۆشیەوە. پێکهاتەی سەرەکی ڕۆشنبیری تەندروستی بریتییە لە زانیاری سەرەتایی لەبارەی لەش و چۆنیەتی کارکردنی. تاک دەبێت لەسەرەتای تەمەنی منداڵیەوە زانیاری پەیدا بکات دەربارەی ئەوەی کە چ شتێک پێویستە بۆ لەشی بۆ ئەوەی تەندروست بمێنێتەوە، وەک خۆراکی گونجاو کە ڤیتامین و مادە خۆراکیەکانی پێویست تێدایە، ئاوی پاک بۆ خواردنەوە، خەوتنی پێویست کە نزیکەی ٧ بۆ ٨ کاتژمێرە، و هەوای پاک بۆ هەناسەدان. هەروەها پێویستە بزانرێت کە جەستەی چۆن دژایەتی نەخۆشی دەکات و بۆچی پێویستە خۆمان لە جێگە قەرەباڵغەکان بپارێزین. ئەم زانیاریە بنەڕەتیانە وا لە مرۆڤ دەکەن تێبگات بۆچی هەندێک ڕەفتار گرنگن و پێویستە پابەندی بێت. (منظمة الصحة العالمية، ٢٠١٧،لا٣٩)

٢-٢ئامانجەکانی ڕۆشنبیری تەندروستی

ڕۆشنبیری تەندروستی کۆمەڵێک ئامانج و مەبەستی گرنگی هەیە کە ئاراستەی بەرەو باشترکردنی ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگایە. یەکێک لە سەرەکیترین ئامانجەکانی، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و زانیاری تاک بە گشتی و منداڵ بە تایبەتی لەسەر بابەتە تەندروستییەکان. ئەمە بە واتای ئەوەیە کە منداڵان فێری ڕاستییەکانی زانستی دەربارەی تەندروستی و نەخۆشییەکان بکرێن، کاتێک منداڵان زانیاری دروستیان هەیە، زیاتر دەتوانن خۆیان بپارێزن لە مەترسییەکان وهەڵبژاردنە تەندروستەکان بکەن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا (الشافعي،٢٠١٥، لا٩٩).

ڕۆشنبیری تەندروستی هەوڵ دەدات منداڵان هاندەدات بۆ جێهێشتنی خووە خراپەکان وەک خواردنی خۆراکی ناتەندروست و نەبوونی چالاکی جەستەیی. لە هەمان کاتدا، هان دەدرێن بۆ پەیڕەوکردنی خووە باشەکان وەک وەرزشکردن، خواردنی تەندروست و پاراستنی ژینگەکەیان،...هتد. (وزارة الصحة والسكان المصرية، ٢٠١٨ ، لا٦١).

بەهێزکردنی توانای کۆمەڵگا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی تەندروستی ئامانجێکی گرنگی دیکەیە. ئەمە بە واتای ئەوەیە کە نەک تەنها تاکەکان، بەڵکو کۆمەڵگا بە گشتی دەبێت ئامادە بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەڕەشەی تەندروستی. بۆ نموونە کاتێک پەتایەک بڵاودەبێتەوە یان کارەساتێک ڕوودەدات، کۆمەڵگایەکی ڕۆشنبیری تەندروست زیاتر دەزانێت چۆن خۆی بپارێزێت، چۆن یارمەتی یەکتری بدات و چۆن لەگەڵ دامەزراوە تەندروستییەکان هاوکاری بکات. ئەمە وادەکات وەڵامی کۆمەڵگا بەرامبەر کێشەکان زیاتر کاریگەر بێت. یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی ڕۆشنبیری تەندروستی ئەوەیە کە نەخۆشی و مردن لە کۆمەڵگادا کەم بکاتەوە. کاتێک منداڵان زانیاری زیاتریان هەیە لەسەر نەخۆشییەکان، باشتر دەتوانن خۆیان بپارێزن. بۆ نموونە، ئەگەر منداڵان بزانن نەخۆشییەکان چۆن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێنەوە، دەتوانن ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی بکەن.هەروەها کاتێک خەڵکی بزانن بۆچی پێویستە زوو بچنە لای پزیشک، دەتوانن چارەسەری زووتر وەربگرن و لە خراپبوونی نەخۆشییەکە ڕێگری بکەن. ئەگەر تاک بە گشتی و منداڵ بە تایبەتی کوتان بکەن و ڕێنماییە تەندروستییەکان جێبەجێ بکەن، ئەم نەخۆشیانە کەمتر دەبنەوە و بەو شێوەیە ژیانی خەڵکی ڕزگار دەکرێت (Green, 2005,p104).

٢-٣ ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە فێرکردنی منداڵان بۆ هەندێک لە چەمکە ڕۆشنبیریەکان:

٢-٣-١ پاک و خاوێنی کەسی: باخچەی منداڵان یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی ژیانی منداڵان کە تیایدا بناغەی کەسایەتی و ڕەفتارەکانی منداڵ دادەڕێژرێت. لەم تەمەنە زووەدا، منداڵان زۆر بە خێرای فێردەبن و شتی نوێ وەردەگرن، بۆیە باخچەی منداڵان دەرفەتێکی زێڕینە بۆ فێرکردنی چەمکە سەرەتاییەکانی تەندروستی کە یەکێك لەمانە وەکو پاک و خاوێنی کەسی، لەم قۆناغەدا منداڵ فێری شوشتنی دەست دەبێت، هەروەها فێری داخستنی دەم دەبێت کاتێک پژمە دەکات یان کۆکە دەکات. مامۆستایان لە ڕێگەی چیرۆک و یاری و نمونە پیشاندانەوە، منداڵان ڕادەهێنن کە سەرنج بدەن کە خۆیان و جلوبەرگەکانیان و پاک بهێڵنەوە. لە باخچەی منداڵاندا، منداڵ فێری شانەکردنی قژ و ددان شۆرد دەبێت لە کاتی گونجاودا، هەروەها فێردەبێت چۆن پاش خۆی پاک بکاتەوە دوای چوونە سەرئاو. ئەم خووە باشانە بە شێوەیەکی ڕۆتینی دووبارە دەکرێنەوە تاوەکو ببنە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵ (العساف، ٢٠١٦، لا ٦٠).

باخچەی منداڵان ڕۆڵێکی تری گرنگی هەیە لە دروستکردنی هەستی بەرپرسیارێتی لای منداڵ بەرامبەر بە خۆی. کاتێک منداڵ فێردەبێت کە خۆی جلەکانی لەبەر بکات و بیانخاتەوە شوێنی خۆی، یان فێردەبێت کە بە ئارەزووی خۆی ڕێکیانبخات یان هەڵیانبواسێت، ئەمە یارمەتیدەرە بۆ پەروەردەکردنی پستبەخۆبەستن و سەربەخۆیی. مامۆستایان بە پێدانی پاداشت و هانانی منداڵان، وایان لێ دەکەن کە ئاگاداری تەندروستی خۆیان بن و بایەخ بە شێوە و ڕووخساری خۆیان بدەن. بەم شێوەیە، منداڵ لە تەمەنێکی زوودا تێدەگات کە پاک و خاوێنی کەسی تەنها بۆ تەندروستی جەستەیی نییە، بەڵکو کاریگەری هەیە لەسەر متمانە بە خۆبوونی و هەستی دڵخۆشی (Marotz, 2016, p112).

٢-٣-٢ خۆراکی تەندروست: منداڵان لە قۆناغی باخچەدا بە بینینی وێنە و ڤیدیۆی جوان، بە ئاسانی تێدەگەن کە خۆراکە جیاوازەکان چۆن کاردەکەن لە لەشیاندا و بۆچی پێویستە هاوسەنگیەك هەبێت لە نێوان جۆرەکانی خۆراکدا. لە باخچە کاتی نانخواردن دەرفەتێکی نایابە بۆ فێربوون و پراکتیزەکردنی خوراکی تەندروست. منداڵان بەشداری دەکەن لە دابەشکردنی میوە و سەوزە، هەروەها فێردەبن کە ئاو باشترە لە خواردنە شیرینەکان کە تامێکی خۆشی دەبێت بەڵام زیانی لە سوودی زیاتر دەبێت، باخچەی منداڵان یەکێکە لە گرنگترین شوێنەکان بۆ فێرکردنی منداڵان سەبارەت بە خۆراکی تەندروست (Sorte, 2017, p 89).

٢-٣-٣ خۆپاراستن لە ڕووداو و فریاگوزاری: باخچە وەکو دامەزراوەی یەکەم کە منداڵ پەیوەندی پێوە دەکات ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی دەبێت لە فێرکردنی منداڵان بۆ خۆپاراستن لە مەترسی و ڕووداوە جیاوازەکان. لەم تەمەنە زووەدا، منداڵان پێویستە بزانن چۆن بە سەلامەتی هەڵسوکەوت بکەن لە شوێنە جیاوازەکاندا، چ لە ناو باخچەی منداڵان، چ لە ماڵەوە، یان لە شەقامدا. مامۆستایان لە ڕێگەی چیرۆک، یاری ڕۆڵگێران، و چالاکی پراکتیکیەوە منداڵان فێردەکەن کە چۆن لە مەترسی دوور بکەونەوە وەک دەست لێدانی ئاگر، بەکارهێنانی شتە تیژەکان، یان نزیکبوونەوە لە شوێنە بەرزەکان بەبێ چاودێری کەسانی گەورە. هەروەها منداڵان فێردەبن کە هەمیشە گوێ لە ڕێنماییەکانی مامۆستا و دایک وباوکیان بگرن، چونکە ئەوان دەیانەوێت ئاسایشی منداڵ بپارێزن.بە پەرەپێدانی هۆشیاری مەترسی لە منداڵاندا، باخچەی منداڵان یارمەتیدەرە کە ڕووداوە ناخۆشەکان کەم بکاتەوە و منداڵان فێری وریابوون و ئاگاداری بکەن. فێرکردنی فریاگوزاری بەشێکی گرنگی پرۆگرامی باخچەی منداڵانە. مامۆستایان بە شێوەیەکی سادە و تێگەیشتوو ڕوونیدەکەنەوە کە چۆن منداڵ دەتوانێت یارمەتی کەسانی دەوروبەری بدات بەبێ ئەوەی خۆی بخاتە مەترسییەوە (Robertson, 2016, 78).

باخچەی منداڵان هەروەها منداڵان فێردەکات چۆن خۆیان بپارێزن لە مەترسیەکانی دەرەوەی باخچە. منداڵان فێری یاساکانی هاتووچۆ دەبن. هەروەها مامۆستایان ڕوونیدەکەنەوە کە چۆن لەگەڵ کاسانی نامۆ هەڵسوکەوت بکەن، کە نابێت لەگەڵیان بڕۆن یان شتێکیان لێ وەربگرن بەبێ ئەوەی دایکوباوکیان ئاگادار بن. منداڵان فێردەبن ئەگەر هەستیان بە مەترسی کرد یان کەسێک وایکرد هەست

به نائارامی بکەن، دەبێت زوو بانگی کەسێکی متمانەپێکراو بکەن. بەم شێوەیە، باخچەی منداڵان یارمەتی منداڵان دەدات کە هەستی پارێزگاری لە خۆیان پەرەپێبدەن و بتوانن دۆخە جیاوازەکان باش هەڵسەنگێنن بۆ ئەوەی بڕیاری دروست بدەن (الهنداوي، ٢٠١٨ ، لا ١٢٦).

٢-٣-٤ تەندروستی ژینگە: لە تەمەنێکی زووەوە منداڵان دەستدەکەن بە تێگەیشتن لەوەی کە سروشت بەشێکە لە ژیانیان و دەبێت بایەخی پێبدەن. مامۆستایان لە ڕێگەی چالاکی جۆراوجۆرەوە، منداڵان فێردەکەن کە درەخت، گوڵ، ئاژەڵ و هەموو دروستکراوەکانی سروشت چەند گرنگن بۆ ژیانی ئێمە. منداڵان فێردەبن کە ئاسمانی پاک، ئاوی پاک، و خاکی پتەو چۆن یارمەتیمان دەدەن کە تەندروست بین و خۆراکی باشمان هەبێت. بە بینینی وێنە و ڤیدیۆ و گوێگرتن لە چیرۆکی سەرنجڕاکێش، منداڵان دەگەن بەوەی کە ئەگەر ژینگە پیس بکەین یان زیانی پێبگەیەنین، ئەوا ئێمەش زیانمان پێدەگات.

بۆیە باخچەی منداڵان هەوڵدەدات ئەم هۆشیاریە لە منداڵاندا پەروەردە بکات تا لە داهاتوودا ببنە نەوەیەک کە بایەخ بە ژینگە بدەن و بیپارێزن. هەروەها یەکێک لە گرنگترین شتەکان فێربوونی جیاکردنەوەی پاشماوەیە، کە منداڵان فێردەبن چۆن زبڵ بخەنە ناو سەتڵی پاشماوە و فێردەبن کە هەندێک شت دەتوانرێت دووبارە بەکاربهێنرێتەوە. مامۆستایان لە ڕێگەی یاری و چالاکیەوە، ڕوونیدەکەنەوە کە شووشە، کاغەز و پلاستیک دەتوانرێت دووبارە بەکاربهێنرێنەوە بۆ دروستکردنی شتی نوێ، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی زبڵ و پاراستنی سروشت (الخطيب، ٢٠١٩، لا ٦٥).

٢-٣-٥ نەخۆشیەکان و خۆ پاراستن لێیان: باخچەی منداڵان شوێنێکی گرنگە بۆ فێربوونی منداڵان لەسەر نەخۆشیەکان و چۆنیەتی خۆپاراستن لێیان. لە ڕێگەی چالاکی و یاریە جیاوازەکانەوە، مامۆستایان فێری منداڵان دەکەن چۆن خۆیان بپارێزن لە نەخۆشیە بڵاوەکان و چۆن ڕەفتاری تەندروستانە پەیڕەو بکەن. (السيد، ٢٠١٧، لا ٨٣)

٣-١ میتۆدی توێژینەوە

توێژەر ڕێبازی وەسفی بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە چونکە دەگونجێ لەگەڵ سروشتی ئەم توێژینەوە، بەشێوەیەک کە دەتوانێ بەو ئامانجە بگات کە هاوکارە لە بەرەو پێشبردن وباشترکردنی توێژینەوەکە.

٣-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوە :

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێك دێت لە مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە ناوەندی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی (٢٠٢٥-٢٠٢٦)، کە ژمارەی مامۆستایانی باخچەی منداڵانی حوکمی نزیکەی (٥١٧) مامۆستایە. خشتەی ژمارە (١) کۆمەڵگەی توێژینەوە دەخاتەڕوو:

خشتەی ژمارە (١) کۆمەڵگەی توێژینەوە

ژ	ناوی باخچەی منداڵان	ژمارەی مامۆستایان
١	باخچەی منداڵانی گوڵان	١٣
٢	باخچەی منداڵانی لاولاو	٩
٣	باخچەی منداڵانی کنێر	٩
٤	باخچەی منداڵانی نسار	٩
٥	باخچەی منداڵانی نەسرین	١٢
٦	باخچەی منداڵانی ئاریان	٩
٧	باخچەی منداڵانی زرینگ	٤

٨	باخچەی منداڵانی ئاوێز	٦
٩	باخچەی منداڵانی ساکار	١٢
١٠	باخچەی منداڵانی شیله	١١
١١	باخچەی منداڵانی بەهار	٧
١٢	باخچەی منداڵانی شنۆ	١٧
١٣	باخچەی منداڵانی رێسا	١٣
١٤	باخچەی منداڵانی مێلاق	٩
١٥	باخچەی منداڵانی گوڵەباغ	١٢
١٦	باخچەی منداڵانی یاسەمین	١٤
١٧	باخچەی منداڵانی وێنەر	١١
١٨	باخچەی منداڵانی هاژە	٨
١٩	باخچەی منداڵانی ژوان	٧
٢٠	باخچەی منداڵانی راز	٦
٢١	باخچەی منداڵانی ئاشنا	٧
٢٢	باخچەی منداڵانی شنه	١٠
٢٣	باخچەی منداڵانی برایەتی	١٤
٢٤	باخچەی منداڵانی ئیپەکی تورکمانی	١٢
٢٥	باخچەی منداڵانی چاوان	١٠
٢٦	باخچەی منداڵانی هەوار	١٦
٢٧	باخچەی منداڵانی لەرین	٣
٢٨	باخچەی منداڵانی گۆنا	٩
٢٩	باخچەی منداڵانی ڕەنگین	١٢
٣٠	باخچەی منداڵانی چیمەن	٩
٣١	باخچەی منداڵانی بەفرین	١٢
٣٢	باخچەی منداڵانی فەریک	١٦
٣٣	باخچەی منداڵانی نازۆ	١٣
٣٤	باخچەی منداڵانی سەروەران	١٦
٣٥	باخچەی منداڵانی رۆژ	١٠
٣٦	باخچەی منداڵانی شۆڕش	١٥
٣٧	باخچەی منداڵانی ڕوناکی	١٤

٣٨	باخچەی منداڵانی مرواری	١١
٣٩	باخچەی منداڵانی لاژە	١٣
٤٠	باخچەی منداڵانی شۆخان	٩
٤١	انجی بنەڕەتی تورکمانی تێکەڵاو	٨
٤٢	باخچەی منداڵانی لاوین	٥
٤٣	باخچەی منداڵانی ئازادی	١١
٤٤	باخچەی منداڵانی گادگرۆس	١٧
٤٥	باخچەی منداڵانی خونچە	٧
٤٦	باخچەی منداڵانی ئەوین	١٧
٤٧	باخچەی منداڵانی گەلاوێژ	١٢
٤٨	باخچەی منداڵانی بێتواتەی نوێ	١١
	کۆی گشتی	**٥١٧**

٣-٣ نموونەی توێژینەوە

ئەگەرهاتوو ئاسان نەبوو توێژینەوە لەسەر گشت تاکەکانی کۆمەڵگا، دەکرێ چەند تاکێک لەو کۆمەڵگایە هەڵبژێری بەمەبەستی توێژینەوە لەسەریان، بۆیە توێژەر وای بەباش زانی ماموستایانی باخچەی منداڵانی حوکمی کە ژمارەیان (١٠٠) مامۆستایە لە (٩) باخچەی جیاواز لە ناوەندە پارێزگای هەولێر وەکو سامپڵی کۆتایی توێژینەوەکە وەربگرێت، خشتەی ژمارە (٢) زیاتر ڕوونی دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (٢) نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەروو:

ژ	ناوی باخچەی منداڵان	مامۆستا
١	باخچەی منداڵانی ڕوناکی	١٠
٢	باخچەی منداڵانی ئازادی	٨
٣	باخچەی منداڵانی شنە	١٤
٤	باخچەی منداڵانی گادگرۆس	٦
٥	باخچەی منداڵانی کنیر	١٤
٦	باخچەی منداڵانی مێرات	١١
٧	باخچەی منداڵانی ئەوین	١٢
٨	باخچەی منداڵانی زەنگین	١٢
٩	باخچەی منداڵانی ژوان	١٣
	کۆی گشتی	**١٠٠**

٤-٣ ئامرازی توێژینەوە

بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە دەبێت ئامرازێك هەبێت بۆ پێوانەکردنی ئەو بابەتانەی کە لێکدانەوەی بۆ کراوە بە پێی سروشتی توێژینەوەکە، توێژەر پشتی بە پێوەری (العامر ، ٢٠١٦) بەست چونکە دەگونجێت لەگەڵ سروشتی ئەم توێژینەوەیە، ئەم پێوەرە لە (٥) تەوەر و (٥٠) برگە پێکهاتووە

که بۆ هەر بڕگەیەك (٥) وەڵامی جێگیرەوەی هەیە ئەوانیش (هەمیشە، زۆرجار، هەندێك جار، بە دەگمەن، هەرگیز).

٣-٥: ڕاستگۆی دەرەکی توێژینەوە

ڕاستگۆی دەرەکی بە یەکێک لە گرنگترین خەسڵەتەکان هەژمار دەکرێت ئەگەر ئەوە بپێویت کە بۆی دانراوە (لقمش واخرون،٢٠٠٨،لا١٠٩). توێژەر بۆ ئەم مەبەستە برگە و تەوەرەکانی پێوەری چەمکەکانی رۆشنبیری تەندروستی خستە بەر دەست ژمارەیەک لە شارەزایان و پسپۆڕان لە بواری زانستە پەروەردەییەکان و داوایان لێکرا گشت تەوەر وبرگەکان پشکنینێکی لۆژیکیان بۆ بکرێت وە پێشبینی رێژەی دەسەڵاتداریان بکرێت بۆ پێوانەکردنی ئەو پێکهاتانەی کە ئامادەکراوە بۆ پێوانە. بە گوێرەی بیرو ڕای شارەزایان و تێبینیەکانیان، هیچ برگەیەک لە برگەکانی پێوانەکە دوورنەخرایەوە، وە ڕێژەی ڕازیبون (٩٨,٥٪) بوو.

٣-٦ جێگیری توێژینەوە

لە توێژینەوە زانستیەکاندا، جێگیری ئاماژەیە بۆ یەک دەنگی لە ئەنجامەکاندا، واتە ئەگەر توێژەر پێوانەکە دووبارە بکاتەوە و هەمان ئەنجام بە دەست بهێنێت کەواتە ئاماژەیە بۆ جێگیری یان بوونی ڕێژەی پێوانەکراو (عقيل ،٢٠١٠، لا ٣٠٥-٣٠٦). لێرەدا توێژەرهەڵسا بە جێبەجێکردنی جێگیری پێوانەکە بە ڕێگەی ڕێکخستنی ناوەکی بە جێبەجێکردنی هاوکۆلکەی (الفا کرونباخ) کە هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوەرەکە گەیشتە (٨٣٪) ئەمەش نیشانەی ڕاستی جێگیریە و پێوەر شایستەی بەکارهێنانیەتی.

٣-٥ ئامرازە ئامارییەکان

توێژەربەرنامەی ئاماری (SPSS) بەکارهێنا بۆ دەرئەنجامی توێژینەوەکە بە هۆی ئەم ئامرازانەی خوارەوە:

١- ناوەندە ژمێری

٢- لادانی پێوەری

٣- ناوەندی گریمانەی

٤- بەهای گریمانەی بۆ T .

٤-١ پیشاندانی ئەنجام

لەم بەشەدا توێژەر هەڵسا بە خستنەرووی ئەنجامەکان وگفتوگۆکردن لەسەر دەرئەنجامەکان بەپێی ئەو ئامارەی کە کۆکراوەتەوە و شیکراوەتەوە بە مەبەستی خستنە بەرباسێکی دیاریکراو کە بەردەستکرا بوو لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکە و هەروەها تیشک خستنە سەر چوارچێوەی تێوری.

خشتەی ژمارە (٤) ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە هۆشیارکردنەوەی منداڵان بۆ ئەم چەمکانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

تەوەرەکان	کۆی نموونە	ناوەند	لادانی پێوەری	بەهای گریمانەی بۆ T	بریار
پاك و خاوێنی کەسی	١٠٠	٤٨،٥٥	٢،٧٨٢	٦٦،٦٥	واتا دارە
خۆراکی تەندروست	١٠٠	٤٨،٢٢	٣،٥٢٢	٥١،٤٣	واتا دارە
خۆپاراستن لە ڕووداو و فریاگوزاری	١٠٠	٤٧،٣٧	٣،٣٨٩	٥١،٢٤	واتا دارە
تەندروستی ژینگەیی	١٠٠	٤٧،٩٦	٣،٧٥٤	٤٧،٨٣	واتا دارە

نەخۆشیەکان و خۆپاراستن لێیان	١٠٠	٤٧،٦٩	٣،٥٩٧	٤٩،١٧	واتا دارە

خشتەی ژمارە (٥) زانینی ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە هۆشیارکردنەوەی منداڵان بۆ هەندێ لی چەمکەکانی ڕۆشنبیری تەندروستی لای منداڵان دەخاتەڕوو:

٢-٤ دەرئەنجام و گفتوگۆکردنی

گۆڕاو	نموونە	ناوەندە ژمێرەیی	لادانی پێوەری	ناوەندی گریمانەیی	بەهای(ت) ژمێرداو	بەهای(ت) خشتەیی	نمرەی سەربەستی	ئاستی بەڵگەداری ٠،٠٥
ڕۆڵی باخچە لە هۆشیارکردنەوەی منداڵان بۆ هەندێ لە چەمکەکانی ڕۆشنبیری تەندروستی	١٠٠	٢٤٠،٨٧	١٤،١٥	١٥٠	٦٤،١٨	٢،٠٠	٩٩	بەڵگەدار ە

بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوە کە بریتیە لە دەرخستنی (ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە هۆشیارکردنەوەی منداڵان بۆ هەندێ لە چەمکەکانی ڕۆشنبیری تەندروستی لە ڕوانگەی مامۆستایان) دەرئەنجانی توێژینەوەکە بە شێوەیەك بوو کە ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە (٢٤٠،٨٧) و لادانی پێوەری (١٤،١٥) کە گەورەترە لە ناوەندە گریمانەیی (١٥٠)، بۆ دڵنیابوون لە بەڵگەداری ئەو ئاستە بە بەکارهێنانی تێستی (ت) بۆ یەك نموونە دەرکەوت کە بەهای (ت)ی ژمێرەیی (٦٤،١٨) بەرزترە لە بەهای (ت) خشتەیی (٢،٠٠) لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) و نمرەی سەربەستی (٩٩)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دەرئەنجامەکە بەڵگەدارە بەو جۆرەی کە ئاستی ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە هۆشیارکردنەوەی منداڵان بەرزە.

دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئاشکرای دەکات کە باخچەی منداڵان ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە هۆشیارکردنەوەی منداڵان بۆ هەندێ لە چەمکەکانی ڕۆشنبیری تەندروستی لە ڕوانگەی مامۆستایانی باخچە. مامۆستایان باوەڕیان وایە کە ئەم قۆناغە یەکێکە لە باشترین کاتەکان بۆ دانانی بنچینەی تەندروستی جەستەیی لەلای منداڵان، هەروەها باخچەی منداڵان دەتوانێت لەم تەمەنەدا ڕۆڵی گرنگی هەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی منداڵان لە چاندنی هەموو چەمکە تەندروستیەکانی وەکو پاك و خاوێنی کەسی وخواردنی تەندروست وخۆپاراستن لە ڕووداو و فریاگوزاری و تەندروستی ژینگەی هەروەها نەخۆشیەکان و خۆپاراستن لێیان.

٣-٤ پێشنیارەکان

١- لە هەر باخچەیەکدا وێستگەی تایبەت بە هۆشیاری منداڵان لە لایەنی تەندروستی دروست بکرێت و مامۆستای تایبەتی بۆ دابین بکرێت. هەروەها پۆستەر و وێنەی ڕەنگاڕەنگ تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی منداڵان لە لایەنی تەندروستی هەڵبواسرێت.

٢- ئەپی دیجیتاڵی تایبەت بە زمانی کوردی بۆ منداڵانی باخچە دروست بکرێت بە شێوەی یاری و ئەنیمەیشن دیزاین بکرێت بۆ مەبەستی خزمەت گەیاندن بە منداڵان و هۆشیارکردنەوەیان لە چەندین لایەن بە گشتی و ڕۆشنبیرکردن لە لایەنی تەندروستی بە تایبەتی.

٣- توێژینەوەی داهاتوو لەسەر نموونەی فراوانتر و ناوچەی جۆراوجۆر ئەنجام بدرێت. ڕۆڵی درێژخایەنی پەروەردە پەیڕەو بکرێت، ئەنجامەکان گشتی و بەکارهێنانیان فراوانتر بێت.

٤-٤ ڕاسپاردەکان

١- وەزارەتی پەروەردە بەرنامەیەکی تایبەت بۆ پەروەردەی ڕۆشنبیری تەندروستی لە مەنهەجی باخچەی منداڵاندا جێگیر بکات. هەروەها پێویستە کتێب و ئامرازی تایبەت بەم بابەتە دابین بکرێت.

٢- ڕێکخستنی کۆبوونەوەی دەستەی مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی باخچە لەگەڵ خێزانەکان و بەردەوام بوونی.

٣- مامۆستایان دەبێت ڕاهێنانی تایبەت وەربگرن و خۆیان نموونەی تەندروستی بن. شێوازی یاری و چیرۆک دەبێت بەکاربهێنرێت. هەروەها پێویستە بابەتەکانی تەندروستی بە شێوەی چالاکی پراکتیکی گرنگی پێبدرێت.

سەرچاوەکان

سەرچاوە عەرەبیەکان:

١. أبو حطب، ياسر محمد .(٢٠١٧). التغذية الصحية لطفل الروضة. عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى.

٢. أبو شقير، محمد سليمان .(٢٠٠٦). فعالية برنامج بالوسائط المتعددة لتنمية المفاهيم والوعي الصحي، رسالة ماجستير، كلية التربية، قسم المناهج وتكنولوجيا التعليم الجامعة الإسلامية، غزة.

٣. بدر، سهام .(٢٠٠٠). اتجاهات الفكر التربوي في مجال الطفولة. الكويت مكتبة الفلاح للطباعة والنشر ط ٢.

٤. بنى يونس، محمد محمود .(٢٠٠٥). سيكولوجية الطفولة المبكرة، المكتبة دار الثقافة، ط١، عمان.

٥. الحريري، رافدة عمر.(٢٠١٨). تربية الطفل في الإسلام: النظرية والتطبيق. دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، الطبعة الأولى.

٦. الخطيب، أحمد عبدالله .(٢٠١٩). البيئة الصحية في مؤسسات رياض الأطفال. بيروت: دار النهضة العربية، الطبعة الثانية.

٧. الزغول، عماد عبد الرحيم .(٢٠١٢). النمو النفسي للطفل. دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الطبعة الثالثة.

٨. السعود، خالد محمد.(٢٠١٠). مدخل إلى المعايير الفنية الخاصة بتصميم رياض الأطفال مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، ط١، عمان

٩. السيد، أحمد محمود.(٢٠٢٠). الثقافة الصحية لدى الأطفال في مرحلة الروضة، الطبعة الأولى. القاهرة: دار الفكر العربي.

١٠. السيد، فاطمة محمد .(٢٠١٧). الوقاية من الأمراض في مرحلة الطفولة المبكرة. دمشق: دار الفكر، الطبعة الأولى.

١١. السيد، فؤاد البهي .(٢٠١٩). الثقافة الصحية والوعي الصحي. دار الفكر العربي، القاهرة، الطبعة الثانية.

١٢. الشافعي، حسن محمود .(٢٠١٥). التربية الصحية والتثقيف الصحي. الرياض: مكتبة الرشد ناشرون، الطبعة الثالثة.

١٣.العامر، جوهرة خالد. (٢٠١٦). "دور المعلمات في تنمية الثقافة الصحية في مرحلة الطفولة المبكرة"،مجلة كلية التربية، جامعة الأزهر، العدد: (١٦٩ الجزء الأول)..
١٤.عبد الهادي، نبيل و أبو حشيش، عبد العزيز .(٢٠١٦). مهارات في التربية الصحية. دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الطبعة الثانية.
١٥.العساف، صالح حمد .(٢٠١٦). الصحة والسلامة في رياض الأطفال. الرياض: دار الزهراء للنشر والتوزيع، الطبعة الثانية.
١٦.محمد، ماجدة فتحي .(٢٠١٦). تقويم مستوى اداء معلمات رياض الاطفال حديثات التخرج في ضوء الكفايات التربوية اللازمة للمنهج المطور واتجاههن نحو ممارسة المهنة، المجلة التربوية الدولية المتخصصة مجلد (٢)، عدد (٥).
١٧.منظمة الصحة العالمية .(٢٠١٧). تعزيز الثقافة الصحية: دليل عملي. القاهرة: المكتب الإقليمي لشرق المتوسط، الطبعة الأولى.
١٨.الهنداوي، علي فالح .(٢٠١٨). الأمن والسلامة في رياض الأطفال. القاهرة: دار الفكر العربي، الطبعة الأولى.
١٩.هيئة رعاية الطفولة. (١٩٨٩). انشطة وطموحات الجزء الثاني، دار الحرية وللطباعة والنشر بغداد.
٢٠.وزارة الصحة والسكان المصرية .(٢٠١٨). الدليل الإرشادي للتثقيف الصحي. القاهرة: الإدارة المركزية للتثقيف الصحي، الطبعة الأولى.

سەرچاوە بیانییەکان:

1. Anderson, Jennifer L, Nutrition and Health Behaviors in Young Children*. 3rd ed. New York: McGraw-Hill Education, 2021.
2. Berk, L. E. (2013). Child Development (9th ed.). Pearson Education, Bostonm.
3. Green, L. W., & Kreuter, M. W. (2005). Health Program Planning: An Educational and Ecological Approach. New York: McGraw-Hill, Fourth Edition .
4. Kickbusch, I., Pelikan, J., Apfel, F., & Tsouros, A. (2013). Health Literacy: The Solid Facts. Copenhagen: WHO Regional Office for Europe, First Edition .
5. Marotz, L. R. (2015). Health, Safety, and Nutrition for the Young Child (9th ed.). Cengage Learning, Boston.
6. Marotz, L. R., & Allen, K. E. (2016). Developmental Profiles: Pre-birth through Adolescence. Boston: Cengage Learning, Eighth Edition .
7. Robertson, C. (2016). Safety, Nutrition and Health in Early Childhood Education (6th ed.). Cengage Learning, Stamford.
8. Robertson, C. (2016). Safety, Nutrition and Health in Early Education. Boston: Cengage Learning, Sixth Edition .
9. Santrock, J. W. (2014). Child Development: An Introduction (14th ed.). McGraw-Hill Education, New York.

10. Sorte, J., Daeschel, I., & Amador, C. (2017). Nutrition, Health, and Safety for Young Children. Upper Saddle River: Pearson Education, Third Edition .
11. Wilson, R. (2018). Nature and Young Children: Encouraging Creative Play in Natural Environments. New York: Routledge, Third Edition.

References

Arabic References:

.١ Abu Hatab, Yasser Muhammad. (2017). *Healthy Nutrition for Kindergarten Children*. Amman: Dar Al-Masirah for Publishing and Distribution, 1st edition.
.٢ Abu Shuqair, Muhammad Suleiman. (2006). *The Effectiveness of a Multimedia-Based Program for Developing Concepts and Health Awareness*. Master's Thesis, Faculty of Education, Department of Curricula and Educational Technology, Islamic University of Gaza, Gaza.
.٣ Badr, Siham. (2000). *Trends in Educational Thought Regarding Childhood*. Kuwait: Al-Falah Library for Printing and Publishing, 2nd edition.
.٤ Bani Younis, Muhammad Mahmoud. (2005). *Psychology of Early Childhood*. Amman: Dar Al-Thaqafa, 1st edition.
.٥ Al-Hariri, Rafida Omar. (2018). *Child Rearing in Islam: Theory and Practice*. Amman: Dar Al-Manahij for Publishing and Distribution, 1st edition.
.٦ Al-Khatib, Ahmed Abdullah. (2019). *The Healthy Environment in Kindergarten Institutions*. Beirut: Dar Al-Nahda Al-Arabiya, 2nd edition.
.٧ Al-Zaghoul, Imad Abd al-Rahim. (2012). *Psychological Development of the Child*. Amman: Dar Al-Shorouq for Publishing and Distribution, 3rd edition.
.٨ Al-Saoud, Khalid Muhammad. (2010). *An Introduction to Technical Standards for Kindergarten Design*. Amman: Arab Community Library for Publishing and Distribution, 1st edition.
.٩ Al-Sayed, Ahmed Mahmoud. (2020). *Health Literacy Among Kindergarten-Aged Children*, 1st edition. Cairo: Dar Al-Fikr Al-Arabi.
.١٠ Al-Sayed, Fatima Muhammad. (2017). *Disease Prevention in Early Childhood*. Damascus: Dar Al-Fikr, 1st edition. 11. Al-Sayyid, Fouad Al-Bahi. (2019). *Health Culture and Health Awareness*. Dar Al-Fikr Al-Arabi, Cairo, 2nd edition.
.١٢Al-Shafi'i, Hassan Mahmoud. (2015). *Health Education and Health Promotion*. Riyadh: Al-Rushd Library Publishers, 3rd edition.
.١٣Al-Amer, Jawhara Khalid. (2016). "The Role of Female Teachers in Developing Health Culture in Early Childhood," *Journal of the Faculty of Education, Al-Azhar University*, Issue 169 (Part I.(

.١٤Abdel Hadi, Nabil, & Abu Hashish, Abdul Aziz. (2016). *Skills in Health Education*. Dar Al-Masirah for Publishing and Distribution, Amman, 2nd edition.
.١٥Al-Assaf, Saleh Hamad. (2016). *Health and Safety in Kindergartens*. Riyadh: Dar Al-Zahra for Publishing and Distribution, 2nd edition.
.١٦Mohamed, Magda Fathi. (2016). "Evaluating the Performance Level of Newly Graduated Kindergarten Teachers in Light of the Educational Competencies Required for the Developed Curriculum and Their Attitudes Toward the Profession," *International Specialized Educational Journal*, Vol. 2, Issue 5.
.١٧World Health Organization. (2017). *Promoting Health Culture: A Practical Guide*. Cairo: Regional Office for the Eastern Mediterranean, 1st edition.
.١٨Al-Hindawi, Ali Faleh. (2018). *Security and Safety in Kindergartens*. Cairo: Dar Al-Fikr Al-Arabi, 1st edition.
.١٩Child Welfare Authority. (1989). *Activities and Aspirations (Part II)*. Dar Al-Hurriya for Printing and Publishing, Baghdad.
.٢٠Egyptian Ministry of Health and Population. (2018). *Guideline for Health Education*. Cairo: Central Administration for Health Education, First Edition.
Foreign Sources:
1. Anderson, Jennifer L, Nutrition and Health Behaviors in Young Children*. 3rd ed. New York: McGraw-Hill Education, 2021.
2. Berk, L. E. (2013). Child Development (9th ed.). Pearson Education, Bostonm.
3. Green, L. W., & Kreuter, M. W. (2005). Health Program Planning: An Educational and Ecological Approach. New York: McGraw-Hill, Fourth Edition .
4. Kickbusch, I., Pelikan, J., Apfel, F., & Tsouros, A. (2013). Health Literacy: The Solid Facts. Copenhagen: WHO Regional Office for Europe, First Edition .
5. Marotz, L. R. (2015). Health, Safety, and Nutrition for the Young Child (9th ed.). Cengage Learning, Boston.
6. Marotz, L. R., & Allen, K. E. (2016). Developmental Profiles: Pre-birth through Adolescence. Boston: Cengage Learning, Eighth Edition .
7. Robertson, C. (2016). Safety, Nutrition and Health in Early Childhood Education (6th ed.). Cengage Learning, Stamford.
8. Robertson, C. (2016). Safety, Nutrition and Health in Early Education. Boston: Cengage Learning, Sixth Edition .
9. Santrock, J. W. (2014). Child Development: An Introduction (14th ed.). McGraw-Hill Education, New York.

10. Sorte, J., Daeschel, I., & Amador, C. (2017). Nutrition, Health, and Safety for Young Children. Upper Saddle River: Pearson Education, Third Edition .
11. Wilson, R. (2018). Nature and Young Children: Encouraging Creative Play in Natural Environments. New York: Routledge, Third Edition.